# ریزبەندی باشترین باندەکانی وەرزش و لەشجوانی لە ٢٠٢٠دا

مەچەکبەند یا بازووبەند یا باند ئەو ئامێرەن کە لە شێوازدا وەك کاتژمێری دەست یا وەك بازنێك دەچن، بەڵام لەراستیدا کارکرد و ئەرکیان جیاوازە. هەروەك کاتژمێرە زیرەکەکان کات نیشان دەدەن و هەندێکیان لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێن، بەڵام بەگشتی مەچەك بەندەکان بۆ چاودێری وەرزشی و جوڵەی بەکارهێنەر بەرهەم هاتوون. جیاوازی نێوان کاتژمێری هۆشمەند و مەچەکبەندە زیرەکەکان وەك مۆبایل و تەبلێتە، تەبلێتەکان کارو ئەرکی مۆبایل ئەنجام دەدەن، بەڵام قەوارەیان گەورەترە، هەموو کاتژمێرێکی زیرەکیش کاروئەرکی بازووبەندی زیرەك ئەنجام دەدا بەڵام بە ستایل و قەوارە گەورەترن.
لێرەدا سەرنجێك بۆ بژاردەی ئامێرەکانی چاودێری وەرزش و تەندروستی ساڵی ٢٠٢٠ رادەکێشین.







## باندی جۆری Samsung Galaxy Fit:

ئەم باندە بژاردەیەکی گونجاوە بۆ وەرزشکاران، شاشەکەی جۆری Amoled رەنگییە و قەوارەکەی نزیك بە ئینجێکە.

شاشەکەی لەمسیە، بۆ نیشاندانی شاشەکەی تەنیا مەچەکت بۆ لایەك بسوورێنە خۆی هەڵدەبێت، هەرچەندە دوگمەی تایبەتی خۆشی هەیە.

بازووبەندی ناوبراو تەواو بۆ چاودێری وەرزشییە، دەتوانێت چاودێری راهێنانی ٩٠ جۆرە جوڵەی وەرزشی بکات. ناسینی خۆکاری جوڵەی وەرزشی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی بۆ نموونە هەرکاتێك لەناو راهێنانێکیشدا وەستای، ئەویش خۆکار دەوەستێ.

## ئەپڵ و کاتژمێری Apple Watch Series 5:

کاتژمێری ئەپل واچ هەرچەندە لەریزی کاتژمێری هۆشمەند دادێت، بەڵام دەکرێت وەك یەکێك لە بژاردەکانی ئامێری چاودێری جوڵەی وەرزشی دابندرێ. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەمانەن: سیستەمی GPS تێدایە، هەروەها بەرزایی دەست نیشان دەکا و سیستەمی نیشاندانی لێدانی دڵی تێدایە. ئەو کاتژمێرە بۆ وەرزشی مەلەوانیش دەگونجێ چونکە دەتوانرێ هەتا ٥٠ مەتر بە کاتژمێرەکەوە بچیە ژێر ئاو. بە ئاو ژەنگ ناهێنێ. زۆربەی جوڵە وەرزشییەکانی تێدایە، دەوانرێ بیرت بخاتەوە کە پاش چەند کاتژمێری دیکە دەست بە وەرزش کردن بکەی.






## مەچەکبەندی جۆری Fitbit Charge 3:

ئەم باندە ستایلێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە، هیچ دوگمەیەکی نییە. بۆ هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ دەگونجێت. هەرچەندە بۆ دەستی پیاوان تۆزێك بچووك خۆ دەنوێنێ. کاتێك لەدەستی دەکەی کێشی زۆر کەمە هەست بە بوونی ناکەی.

تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن: چاودێری لێدانی دڵ، پێوانی هەنگاوەکان. سیستەمێك بۆ جیاکردنەوەی ڕاهێنانی وەرزشە جیاوازەکان و تەنانەت سیستەمێك بۆ دەستنیشانکردنی سوڕی مانگانەی خانمان. هەروەها پێوانی ڕێژەی ئوکسیژن لە خوێندا و تەنانەت لەکاتی نووستنیشدا.

بە مۆبایل پەیوەند دەدرێ و کورتەپەیام و پەیوەندییەکان وەردەگرێ، تەنانەت پەیوەندی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش نیشان دەدا.




## باندی جۆری Gear Fit2 Pro بۆ مەلەوانی:

ئەم باندەش بەرهەمی کۆمپانیای سامسۆنگ، لەڕاستیدا ئەم باندەی سامسۆنگ هەم لە دیزاین و هەم لە کاراییدا لە لوتکەدایە. خۆی بە ئاو هیچی لێنایەت و هەموو جۆرە مەلەوانییەك دەخاتە ژێر چاودێری. وەك ئامانجی مەلەکردن، کاتەکانی مەلەکردن و خێرایی و مەودا وکاتی ڕاهێنانی مەلەوانیتان. دەکرێت لەناو ئاویشدا گوێ لە مۆسیقا بگری. شاشەکەی ١/٢ ئینجە و لە جۆری super AMOLEDە. مەودای ڕۆیشتوو و کالۆری سووتێندراو و سەرکەوتن بەسەر قادرمەدا نیشان دەدا. هەروەها دەکرێت ئاگادارکردنەوەکانی فەیسبوك و توئیت و پەیوەندی و کورتە پەیامەکان ببینی.

## مەچەکبەندی جۆری Garmin Vivosmart 4 بۆ چاودێری خەو:

ئەم مەچەکبەندە زۆرتر بۆ چاودێری خەو بەرهەم هاتووە، دەکرێ بڵێین پەرستارێکی باشی شەوانەیە بۆ بەکارهێنەرەکەی. لێدانی دڵ دەپێوێ و هەروەها بە وردی چاودێری داتاکانی تایبەت بە دڵە تاکو بزانێت لە شەودا خەوێکی باشت دەبێ یا نا؟

بازووبەندەکە بیرت دەخاتەوە کە چەندە لە خەوێکی قوڵدابوویە و چەند جاریش لەخەو ڕابوویە یا وەنەوزت داوە. ڕێژی ئوکسیژنیش خوێن لە شەودا دەپێوێ.





# لاپتۆپێک شاشەک

هەر ڕۆژە لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا ئامێرێکی نوێ بەرهەم دێ، هەندێك گۆڕانكاری لە ستایل و دیزایندا و هەندێکیش لە کارایی و تایبەتمەندی ناوازەدا گۆڕانكاری دەکەن.
کۆمپانیای compal کە خەڵاتی ٢٠٢٠ی لە بواری دیزایندا وەرگرتووە، لاپتۆپێکی نوێی بەناوی PivoBook بەرهەم هێناوە، کە لە بواری ستایل و دیزاینیدا





# مۆبایلی ڕۆژی تەنگانە

هەر ڕۆژە مۆبایلێکی نوێ بەدیزاین و کارایی و تایبەتمەندییەکی نوێیەوە بەرهەم دێت، زۆربەی مۆبایلەکان تەنك و ناسکن و ئەگەر بەربنەوە، یا بکەنەوە ناو ئاو و لە هەلومەرجی سەختدا تێکدەچن.
مۆبایلی جۆری ArmorX6 نە کامێرایەکی بەهێزی هەیە و نە تایبەتمەندییەکی زۆر، بەڵام مۆبایلی ڕۆژی تەنگانە و سەختییە، چونکە لە ناو ئاوی داغیشدا هیچی لێنایەت و هەروەها لە ناو بەفر و سەرماشدا هەر کار دەکا.
مۆبایلەکە زۆرتر بۆ ئەوانەی دەچنە چیا و شوێنە سەختەکان دەگونجێت. تایبەتمەندییەکانیش ئەوانەن: ٢ گیگابایت ڕامەکەیەتی و ١٦ گیگابایتیش میمۆری ناوخۆی هەیە. باترییەکەی زۆر باشە، کامێراکەی ٨ میگاپیسکلە و سیستەمی ئەندرۆید ٩ی لەسەرە. ڕەنگە تایبەتمەندییەکانی زۆر بەرچاو نەبن، بەڵام تێکنەچوونەکەی لە هەلومەرجی دژواردا بۆ خاوەنی خۆی گرنگە.



# بۆخۆت ڕۆبۆت



تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی ڕۆبۆت پەرەدەستێنێ، ڕەنگە تۆش یەکێك بی لەوانەی حەز و ئارزوو دەکەی ڕۆبۆتێك دروست بکەی! بەڵام ڕەنگە بیر بکەیەوە باشە بەبێ تاقیگا، خوێندن لە بواری بەرهەمهێنانی ڕۆبۆتدا چون دەکرێت ڕۆبۆت دروست بکەم؟
بەڵام ڕۆبۆتی tobi پێت دەڵێت کارەکەش ئەوەندە دژوار نییە، tobi ڕۆبۆتێکی زیرەکە. کاتێك دەیهێنیەوە ماڵەوە جگە لە چەندین هیچی دیکە نییە. بەپێی ڕێنماییەك

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ماوەیەکە هەرکاتێك پەیوەندی دەکەم، یا کورتەپەیامێك دەنووسم یا هەر کارێکی دیکە بە مۆبایل دەکەم لەناکاو ڕێکلامی پرۆگرامی تایبەت دەکرێنەوە، بە چ ڕێگایەك لەم ڕێکلامە لابەلایانە کێشەم چارەسەر دەبێت؟**

خوێنەری بەڕێز لەسەرەتادا هۆکاری هاتنی ئەو ڕێکلامانە ئەوەیە کە تۆ ئەپلکەیشنێك، یا گەیمێکت دابەزاندووە کە لەگەڵ خۆیدا ڕێکلامی هێناوە، بۆ چارەسەری ئەم مەبەستە وا باشە ئەپی AdClear دابەزێنی، ئەم ئاپە ڕێگری لە هەموو جۆرە ڕێکلامێکی لابەلا دەکات.

## ـــــــەی دەسووڕێتەوە



ناوازەیە.
لاپتۆپەکە تواناو کارکردی وەك لاپتۆپێکی ئاساییە، شاشەکەی ١٤ ئینجە، خاڵی جێگای سەرنج و ناوازەشی هەر لەشاشەکەیدا چونکە دەکرێت شاشەکە بەبێ ئەوەی لە کیبۆردەکەی جیا بکەیەوە بیکەی بە ئاسۆیی..
لاپتۆپەکە وەك کۆمپانیای بەرهەمهێن ئاماژەی پێدەکا بۆ ڕۆژنامەنووس و نەخشەسازانە. سووڕانی شاشەکە ئەوەندە ئاسانە بە پەنجەیەك دەسووڕێت. کێشێکی کەمی هەیە تەنیا کیلۆ و نیوێکە.



## ماڵپەڕێک بۆ پاراستنی ژینگە

ساڵانە لە جیهاندا بە زۆر هۆکار دارستانەکان ئاگریان تێبەردەبێ، بەمەش زیان نەك بە شوێنی جوگرافی دارستانەکە، بەڵکو بەسەرجەم جوگرافیای زەوی دەکەوێ. ئەگەر حەز دەکەی دیمەنی سەرنج ڕاکێشی دارستانەکان ببینی، سەر لە سایتی Rainforest Guardians بدە. ئەم سایتە لەلایەن کۆمەڵێك لەپارێزەرانی دارستان و ژینگە پارێزەرانەوە دروستکراوە. ئامانجی ماڵپەڕەکە هۆشیارکردنەوەیە لەبارەی دارستانەکان. لە ماڵپەڕەکەدا لەسەر ژیان لە دارستانی مەزنی ئامازۆن، گوندەکانی ناو دارستانەکە و ژیانی ئەو خەڵکەی لەوێ دەژین زانیاری وەدەست دێنی.

## پرۆگرامێک بۆ دابەزاندنی ڤیدیۆ لە ئینتەرنێت

پرۆگرامگەل و سایتێکی زۆر هەن کە ئەرکیان ئەوەیە ڤیدیۆی ناو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت دابەزێنن. یەکێك لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی save٢pcیە ناوی خۆی بەخۆیەوەیە. کارکردن بە پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە هەر ئەوەندەبەسە کە لینکی ئەو لاپەڕەیەی کە ڤیدیۆیەکەی تێدایە بخەیە ناو پرۆگرامەکە، ئەویش خۆکار فایلە ڤیدیۆیەکە دەناسێنێ و دایدەبەزێنێ.
دەتوانن بەر لە دابەزاندنی ڤیدیۆیەکە فۆرمات و کوالیتی فیلمەکە دیاری بکەی. هەروەها بەهۆی تایبەتمەندییەك کە لە پرۆگرامەکەدایە دەتوانی خێرایی دابەزاندنیش زیاتر بکەی. پرۆگرامەکە پشتیوانی لە تەواوی ماڵپەڕە ناسراوەکان دەکا. هەروەها دەکرێت فایلی دەنگیشی پێدابەزێندرێ.




## ـــــــۆت دروست بکە



کە لەگەڵ خۆیدایە پارچەکان تێکدەخەیەوە و ڕۆبۆتێك دروست دەکەی.
کاتێك دروستت کرد دەبێتە ڕۆبۆتێکی تەواو وەك هەموو ڕۆبۆتێك و زۆر ئەرك ئەنجام دەدا.
تۆبی وەڵامت دەداتەوە، وەدوات دەکەوێ، یاریت لەگەڵ دەکا و چیرۆکت بۆ دەخوێنێتەوە. تۆبی ٦ لاقی هەیە. لەگەڵت پێدەکەنێ و وێنەت دەگرێ و دەتوانێ ئەندامانی ماڵەوەی پێ بناسێنێ.